# كاریگەری فاكتەری جیۆپۆلیتیك لە ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا بەرامبەر بە میسر (٢٠١٤-٢٠٢١)

**د.چنار بابكر محمد**
زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی زانستە سیاسیەكان، بەشی پەیوەندی نێودەوڵەتیەكان و دیپلۆماسی

**پوختە**

جیۆپۆلیتیك وەك فاكتەرێكی هێز كاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا بەرامبەر به ناوچە جیاجیاكانی جیهان درووستكردووە .میسر یەكێكە لەو وڵاتانەی، لە ڕووی جیۆپۆلیتیكەوە كاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا بەرامبەر بە باكووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .گرینگی میسر و پەیوەندییەكانی بۆتە فاكتەرێكی بەهێز بۆ ئەمریكا، تاوەكوو بتوانێت پارێزگاری لە بەرژەوەندییە ئەمنی و نەتەوەییەكانی لە باكووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بكات .میسر گرێدراوە بە دەریای سوور و دەریای ناوەڕاست و نۆكەندی سویس. هەروەها دراوسێی دەوڵەتی ئیسرائیلە، كە بە یەكێ لە گرنگترین هاوپەیمانی ستراتیژی ئەمریكا لە ناوچەكەدا ئەژمار دەكرێت. ئەمریكا پێی وایە هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر ئیسرائیل هەڕەشەیە سەر بەرژەوەندیەكانی ئەمەریكا لە ناوچەكەدا .هەربۆیە ڕێكەوتنی ئاشتی نێوان هەردوو وڵاتی ئیسرائیل و میسر بە فاكتەرەكی گرینگ دادەنرێ، كە میسر و ئەمریكای بەیەكەوە گرێ دەدات .هەرچەندە میسر پەیوەندی لە گەڵ ڕووسیا و چین هەیە، لەبەرامبەردا پەیوەندییەكی درێژخایەنی لەگەڵ ئەمریكا هەیە، بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٧٩. لە ڕووی دارایی و سەربازیی میسر لەلایەن ئەمریكا هاوكاری دەكرێت. ئەم هاوكاریانە دوای بەهاری عەرەبیش بەردەوامییان هەبووە .لە لایەكی ترەوە میسر لە رووبەرووبوونەوەی تیرۆریزم و هەڕەشەكانی حەماس، بەتایبەت لە نیمچە دوورگەی سینا هاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریكا و ئیسرائیل ئەنجام دەدات . ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا میسر بەفاكتەری سەقامگیری لە ناوچەكە دەبینێت و بە پردی پەیوەندی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل دەزانێت.

**ووشە سەرەكیەكان:** جیۆپۆلیتیک، ئەمریكا، میسر، ئیسرائیل ، تیرۆریزم، دەریای ناوەراست، دەریای سوور و نۆكەندی سویس.

## پێشەكی :

توێژینەوەیە لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بەمەبەستی دەستەبەركردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەكانیان سیاسەتی تایبەت بە خۆیان پەیڕەودەكەن. ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا وەكو دەوڵەت توانیویە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەكانی لە ڕێگەی میكانیزمی دیپلۆماسی، سەربازی و ئابووری، سیاسەتی جیا جیا بەكاربهێنێت. هەرچەند ئەمریكا لەسەر گۆرەپانی نێودەوڵەتی خۆی بە پێشەنگ و تاكە زلهێز ئەژمار دەكات، بەڵام دەبینرێت بۆ هەر پارچەیەكی ئەم جیهانە سیاسەتێكی تایبەت پەیرەو دەكات، كە گونجاو بێت لەگەڵ دەستەبەركردنی بەرژەوەندیە نیشتیمانییەكانی. بۆ نموونە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ناوچەیەک دروشمی دیموكراسی و مافی مرۆڤ بەكاردەهێنێت، لە ناوچەیەكی تر بەرەنگاربوونەوەی تیروریزم دەكات بە دروشم. لە ناوچەیەك سیاسەتێكی بێ لایەنانە پەیرەودەكات، لە شوێنی تر ڕێگری دەكات لە سەرهەڵدانەوەی ئەو هێزانەی، كە دەبنە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی وەلاتەكەی. بەڵام لێرەدا ئێمە ئەو ناوچەیەمان هەڵبژاردووە، كە لە ڕووی جیۆپۆلیتیك پێگەیەكی گرینگی بۆ ئەمریكا هەیە، مەبەستمان میسرە وەكو دەوڵەت لە باكووری كیشوەری ئەفریقا.

میسر لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی خاوەندی گەورەترین دانیشتوانە. لە ٤ی ئاداری ساڵی ٢٠٢١ ژمارەی دانیشتوانی میسر بووە بە ١٠١ملیۆن و ٥٩٧ هەزار و ١٠٣ دانیشتوو. هەروەها میسر دراوسێی دەوڵەتی ئیسرائیلە، كە هاوپەیمانی ستراتیژ و درێژخایانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایە لە ناوچەكە. لە ڕووی جوگرافی میسر لە رۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاست نێوبەندە لە نێوان كیشوەرە كۆنەكانی وەكو ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا. بەو هۆكارە میسر كەوتۆتە ناوەندی جیهان و دوو لای كەوتۆتە سەر دەریا (دەریای سوور و دەریای سپی ناوەڕاست).

بێجگە لەوەش میسر كۆنترۆڵ و سەرپەرشتی نۆكەندی (كەناڵ)ی سویس و بەشێ لە كەنداوی عەقەبە دەكات. بە هۆی ئاساییكردنەوەی پەیوەندیەكانی و واژووكردنی پەیماننامەی ئاشتی لە ٢٦ ئاداری ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ ئیسرائیل، میسر بەردەوام هاوكاری سەربازی و ئابووری لە لایەن ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكای پێ

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 05 مارس 2022؛ قُبل في 08 يونيو 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 11 أبريل 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف : chenar.mohammed@su.edu.krd
حقوق الطبع والنشر © 2023 چنار. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

گەیشتووە. ئەگەر چی میسر لەڕووی ئابووری لە گەڵ ڕوسیا و چین لە پەیوەندی دایە و مامەڵەی کڕینی چەکیان لەگەڵ ئەنجام دەدا، بەڵام بە ئەستەم دەبینرێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگە بدات میسر بە تەواوی بکەوێتە ژێر هەژموونی ئەو دوو زلهێزە ،کە بە ڕکابەری سەرسەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەژمار دەکرێن. لە بەرامبەردا میسر ڕێگە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەدات، ئاسمانی وڵاتەکەی و نۆکەندی سویس بەکاربهێنێت و لە جەنگ دژ بە تیرۆر بە شێوەیەکی بەرچاو هاوکاری پێشکەش بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات.

**١-٢- ئامانجی توێژینەوە**

کاتێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە پێگەیەکی بەهێزی هەیە لە سەر ئاستی جیهان، مەبەستیە ڕێگری بکات لە ڕکابەرەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی، کە وەکو میسر پێگەی ستراتیژیان هەیە، پەیوەندی دیپلۆماسی و سەربازی و ئابووری لەگەڵ میسر ئەنجام دەدات، بەو ئامانجەی میسر بە خۆیەوە گرێ بدات، بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە گرینگیەوە دەڕوانێتە پێگەی جیۆپۆلتیکی میسر، تەنانەت ئەگەر لە زۆر ڕووە جیاوازی لە ڕوانگەیان هەبێ، ئەوا لە کۆتاییدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان بەردەوام دەبن لە پتەوەکردنی پەیوەندیە ستراتیژیەکانی نێوانیان.

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، لەڕێگەی خوێندنەوەیەکی زانستی بابەتێکی زانستییانە بخرێتە بەردەست شارەزا و پسپۆڕانی بواری زانستە سیاسیەکان و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و دیپلۆماسییەت، یان ئەو کەسانەی سەرقاڵی توێژینەوەی زانستی و خوێندنن. لێرەدا بەرچاوڕوونیەکی شیکارنە بۆ سیاسەتی دەرەری ئەمریکا بەرامبەر بە میسر پێشکەش دەکرێت، تا ڕوون بێت، چۆن بابەتی جیۆپۆلیتیکی گرینگی هەیە بۆ سیاسەتی دەرەوی ئەمریکا، لەپێناو دامەزراندنی پەیوەندی سیاسی، دیپلۆماسی، ئابووری، سەربازی و ئاسایشی.

**١-٣- گرینگی توێژینەوە**

گرینگی توێژینەوە لەوەدایە بسەلمێنرێ، ئایا پێگەی جیۆپۆلیتیکی میسر هۆکار بووە، تا سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرینگی پێ بدات، یان ئەمریکا بەردەوام بێت لە پاراستنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ میسر، تاوەکوو لە ڕێگەی میسرەوە بەرژەوەندیەکانی خۆی لە ناوچەکەو لە جیهان بپارێزێ. سەرەڕای ئەوەی میسر پەیوەندی لەگەڵ ڕوسیا و چین هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا، سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا وای لە میسر کردووە بە شێوەیەکی نەرم و میانڕەوانە بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل ڕەفتار بنوێنێت. واتە میسر هاوبەشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە ناوچەکە بە تایبەتی.

**١-٤-پرسیاری توێژینەوە**

فاکتەری جیۆپۆلیتیکی بە چ شیوەیەک کاریگەری لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە میسر دروست کردووە؟

**١-٥- گریمانەی توێژینەوە**

میسر لە بەر هەبوونی سنووریکی فراوان لەگەڵ ئیسرائیل، و هاوسنووری لەگەڵ هەردوو دەریای سوور و ناوەڕاست، هەروەها میسر بە هەبوونی دیمۆگرافیایەکی بەهێز لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی گرینگی خۆی هەیە بۆ سیاسەتی دەروەی ئەمریکا. ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لەو ناوچەیە بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی میسر لە رووی سەربازی و ئابووری. لەهەمان کاتدا میسر توانیویە هاوکاری پێشکەش بە ئەمریکا بکات لە پێناو پێشخستنی پرۆسەی ئاشتی و ئاسایکردنەوەی پەیوەندیی لە نێوان عەرب و ئیسرائیل و ڕۆڵی بەرچاویشی گێڕاوە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ڕێگریکردن لە هەژموونی نەیارانی ئەمریکا لە ناوچەکە.

**١-٦-میتۆدی توێژینەوە**

میتۆدی شیکاری ناوەرۆک بو سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە میسر بەکاردەهێنرێ، هەروەها لە ڕووی چۆنێتی داتاکان دەخرێنە بەردەست.

**٢- تێگەیشتن لە جیۆپۆلیتیك لە ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا**

**٢-١- *پێناسەی جیۆپۆلیتیك***

میتۆدێکی شیکردنەوەیە بو سیاسەتی دەرەوە لە چوارچێوەی گۆڕاوەکانی جۆگرافیا، تاکوو لەو ڕێگایە بتوانرێت خوێندنەوە و شیکردنەوە و پێشبینی بۆ ڕەفتارە سەرەکییەکانی سیاسەتی نێودەولەتی بکرێت. دەکرێ جیۆپۆلیتیك پەیوەندی نێوان سیاسەت و خاك نیشان بدات، چۆن هێزی سیاسی لەسەر ناوچەیەك توانای خۆی بەکادەهێنێ. جیۆپۆلیتیك کۆمەڵە گریمانەیەکە، تا دەوڵەتەکان لەو ڕێگەیەوە بتوانن هێزی خۆیان لە سەر خاك تاقی بەکەنەوە. واتا پێشبینیکردنە بۆ هێزی دەوڵەت، کە گرێدراوە بە فاکتەرەکانی جۆگرافیا، مەبەستمان لێرە؛ خاك، دانیشتوان، توانای ئابووری، سەرچاوەکانی سرۆشتی، و توانای سەربازییە. (Blackwill, 2016: 24)

جیۆپۆلیتیك میتۆدی خوێندنەوەیە بۆ کاریگەری فاکتەرە جۆگرافییەکان، جا چ فاکتەری مرویی بن، یان فاکتەری فیزیکی، بۆ سەر سیاسەتەکان وپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان. جیۆپۆلیتیك لە ناو پەیوەندیە نیودەوڵەتیەکان، وەکو میتۆدێ بۆ خوێندنەوەی سیاسەتی دەرەوە بەکار دیت، تا وەکو لە ڕێگەیەوە تێبگەین و شیکردنەوە و پێشبینی پێشهاتەکان بکەین، یان لە ڕەفتارەکان بگەین، کە کاریگەرییان هەیە لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی. دیارە ئەمەش لە ڕێگەی خوێندنەوەی گۆڕاوەکانی جۆگرافیا دەبێت، بۆ نموونە کەش وهەوا، زەوی، تۆپۆگرافی، دیموگرافی و سەرچاوە سروشتی و زانستییەکان بەکاردێت بۆ ئەوەی لەو ناوچەی مەبەست هەلسانگاندن بکرێت.(Evans, 1998)

بەبۆچوونی کریستۆفەر گۆگویلت، Christopher Gogwilt، لەئیستادا زارەوی جیۆپۆلیتیك وەکو هاوواتایەك بۆ پەیوەندییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەکاردێت، واتە زیاتر بیرۆکەکانی لەخۆگرتووە، تەنانەت بۆ خوێندنەوی ستراکچەرە جیهانیەکانیش بەکاردێت. (Gogwilt, 2000:35-36)

لەناو سیستەمی سیاسی جیهاندا، بابەتی جۆگرافیا تەوەرێکی گرینگی سیاسەتداڕێژەرانی دەرەکی وەلاتانە. بەڵام لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم میتۆدی جیۆپۆلیتیکی لەناو کاروباری جیهانی وەکوو تیۆری

سەری هەڵدا، بەتایبەت لەناو تیۆریەکانی زانایانی ناوداری وەکو ئەلفرێد ماهان[1] ، هالفۆرد ماکیندەر[2] رەنگی دایەوە و لەناو ستراتیژی کارۆباری سەربازی کلاسیك رەگی داکوتا. بۆیە جیۆپۆلیتیك رۆڵێکی بەرچاوی گێراوە لە درووستکردنی شێوەی هێزی سەربازی ولاتان.

ئەلفرێد ماهان (Alfred Thayer Mahan) بڕوای وایە هێزی دەریایی هەمیشە سەرکەوتوو دەبێت بەسەر هێزی زەوی، ئەو پێی وایە ئەمریکا لە چەندین لاوە بە ئاو گەمارۆدراوە بۆیە بەهیز و بە توانایە، وەک هیزی دەرەوەی کەنارەکانی دەریایی Offshore naval power دەتوانێت لە کاتی جەنگ و ئاشتی کۆنترۆڵی جوڵەی بازرگانی دەریایی بکات.

هالفۆرد ماکیندەر (Halford Mackinder)، فۆکۆسی خستۆتە سەر هێزی زەوی وشکانی، واتە هێزی دۆرگەی جیهانی World Island ، بۆیە مەبەستی بووە هاوپێمانیەتی ئەتلانتیك لە نێوان ئەمریکا و بەریتانیا دروست بێت بۆ رووبەرووبوونەوەی هەرەشەکانی دەوڵەتەکانی ئەوروپا.

نیکۆلاس سبایکمان (Nicholas J. Spykman)، بڕوای بە "زەوی لێژ" هەبووە، واتە "کەمەرەی پەراوێز "[3] یان کەناری زەوی وشکانی، کە گەیشتن بە زەوی وشکانی ئەستەم دەکات، بۆیە لە نێوان هێزی دەریایی و هێزی زەوی پێکدادان لە "کەمەرەی پەراوێز " ڕوودەدات. (Kleiman, 2015: 49)

### ٢-٢- تیوریەکانی هێزی زەوی و هێزی دەریا لە ناو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا

لە سەرتاسەری مێژوودا جۆگرافیا کاریگەری هەبووە لە سەر ئاراستەکردنی جیۆپۆلیتیکی دەوڵەتان، واتە هیزی دەریا و هێزی زەوی دەوڵەتان و جێگیربوونیان لەو شوێنە هەستیارانەی ،کە دەتوانن کۆنترۆڵی دەریا و زەریاکان بکەن. ڕاستە قەواری گەورەیی ولاتان، وەکو یەکێك لە فاکتەرەکان، گرینکە بۆ بابەتی جیۆپۆلیتیکی، بۆ نموونە گەورەیی پانتایی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا، بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێ پێوەری بەهێزی بێت بۆ گرینگبوونی هەموو دەوڵەتێکی گەورەی جیهان بۆ رۆڵگێران لە ناو سیاسەتی جیهانی.

بۆ نموونە ولاتانی وەکو بەرازیل و ئەرجەنتین و ئۆسترالیا لە رووی پانتایی گەورەن، بەڵام رۆڵی زۆر کاریگەریان نیە لەناو سیاسەتی جیهانی، لەبەرامبەردا ولاتانی وەکوو بەریتانیا و ژاپۆن، کە بچووکن لە رووی پانتایی، توانیویانە ببن بە ئیمپراتۆریەت و کاریگەریان هەبووە لەسەر سیاسەتی جیهانیدا.

دەبینین چۆن بە گوێرەی مێژوو دەولەتانی باکووری زەوی (ئۆراسیا) دەسەڵات ، یان کۆنترۆلیان هەبووە بەسەر دەولەتانی باشووری سەر زەوی (ئەفریقا، ، ئەمریکا)، دواتر تەنیا هێزی ڕۆژئاوای زەوی بوو ، توانی باڵ بکێشێی بەسەر سیاسەتی جیهان.(Sempa, 2002: 4-5)

### ٢-١-١-ماکیندەر و هێزی زەوی

فاکتەری جۆگرافیایی نەگۆر و بەردەوامە، بەڵام فاکتەرەکانی تری وەکوو دانیشتوان، سەرچاوە سرۆشتییەکان، سیستەمی سیاسیی و تەکنەلۆژیا بە بەردەوامی لە گۆرانکارین، ئەوەی نەگۆرە شۆینی جوگرافیای دەوڵەتانە، زەوی و دەریا و زەریایەکانە. (هەمان سەرچاوە، ل. ٩)

ماکیندەر لە بابەتێکی زانستی لە ژێر ناونیشانی " On the Scope and Methods of Geopgraphy"، سەبارەت بە چوارچێوە و میتۆدی جوگرافیا، لە ساڵی ١٨٨٧ بڵاوبۆتەوە، وەکو بەڵگەیەکی کلاسیکی بۆ مێژوی پەرەسەندی بریتانیا، ئاماژەی کردووە بە "لۆژیکی ژینگە". ئەو ژینگەیەی ماکیندەر ئاماژەی پێکردووە، بریتیە لە "پێکهاتەی سەر زەوی و جۆگرافیای سیاسی، گوایە لەسەر بنەمای جۆگرافیای فیزیکی دروست بووە".

ئەو ئاماژەی کردووە بەوەی، کە "پرسیارە سیاسییەکان پشت بە دەرئەنجامی لێکۆلینەوی فیزیکی دەبەستن". واتە، ئەرکی جۆگرافیای سیاسی بریتیە لە مامەڵەی نێوان مرۆڤ و کەش و هەوا و هەبوون یان نەبوونی سەرچاوە سروشتییەکان.(Mackinder, 1962: 213-217)

ساڵی ١٩٠٢ ماکیندر لە یەکەم پەرتۆکی بە ناونیشانی Britain and the British seas "بەریتانیا و دەریای بەریتانی" ئاماژەی کردووە بە دەسەڵاتی بەریتانیا و ئیمپریالیزم و ستراتیژی جۆگرافیا، کە بەریتانیا نەتەنها باڵی بەسەر ئەوروپا کێشاوە، بەڵکو باڵی بەسەر دەرەوەی ئەورۆپاش کێشاوە.

لە هەمان کاتدا ماکیندر پێی وایە، دەسەڵاتی بەریتانیا بەهۆی هەبونی " واقعی نەگۆڕی جۆگرافیای ئەمریکا و روسیا، دەکەوێتە مەترسی، گوایە ئەو دوو دەوڵەتە هەڕەشەن بۆ سەر گەورەیی بەریتانیا، کە ئەرکی فەرماندەیی دەریای گێڕاوە.( Mackinder, 1902: 358)

تا دەستپێکی جەنگی جیهانی دووەم تیۆری ماکیندەر لەلایەن ئەمریکا گرینگی پێ نە دەدرا، بەڵام دواتر دیپلۆماتکار و سیاسەتمەداری ئەمریکی، هامیلتۆن فیش ئارمسترۆنگ، داوا ی لێ کرد، دووبارە بە تیۆریەکەی سەبارەت بە "دڵی زەوی" بچێتەوە و نوێی بکاتەوە. بۆیە ماکیندەر لە بابەتێکی ژێر ناونیشانی "The round world and the winning of the peace"، جیهانی بازنەیی و سەرکەوتنی ئاشتی، لە ساڵی ١٩٤٣بڵاوکردەوە، ئەم بابەتە دواتێڕوانینی ماکیندەرە سەبارەت بە جیهان. (Sempa, 2002:18)

ماکیندەر زۆر فۆکۆسی خستۆتە سەر یەکێتی سۆڤیەت وەکوو "دڵی زەوی" و بە گەورەترین قەڵغانی سروشتی سەر زەوی دادەنێت. لە دەربڕینەکانی ماکیندەر دەردەکەوێت، ئەو خوازیاری ئەوە بووە، ڕوسیای دڵی زەوی بتوانێ هاوکار بێت لەگەڵ زەریای "مید لاند" ، کە پێکهاتووە لەکەنەدا، ئەمریکا و ولاتانی تر، بەڵام دواتر

ئەو بیرۆكانە و تیۆریەكانی گونجان لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی ساردی نێوان سۆڤیەت و ئەمریكا.

هەر بۆیەش لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، داڕێژەرانی ستراتیژی ئەمریكا هەنگاوەكانی ماكیندریان بۆ سەرتاسەری جیهان بەكاردەهێنا لە دروستكردن و جێ بەجێكردنی سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی (containment )یەكێتی سۆڤیەت. (هەمان سەرجاوە. ل: ١٩)

لە ساڵی ١٩٧٤، R.E. Walters باسی لە تیۆریی "هارت لاند"ی ماكیندرەری كردووە، كە وەكوو یەكەمین بیردۆز ( تیۆری) بۆ بیری سەربازی ڕۆژئاوا. تەنانەت برێژنسكی لە كارەكانی Game plan 1986, and Grand Chessboard 1997 ئاماژەی بە دیدگاكەكانی جیهانی داوە لە سەر بنەما و بیرۆكە وتیۆرییەكانی ماكیندەر.

هێنری كیسنجەر لە پەرتۆكەی بە ناوی دیپلۆماسی كە ساڵی ١٩٩٤ بەڵاویكردوە، وەكو هۆشداری ئاماژەی كردووە، دەبێت گرینگی بە ڕوسیا بدرێت و بزانرێت لەلایەن كێ بەرێوەدەبرێ، لە ناوچەیەک، كە هەمان زەوی وشكانی جۆگرافیای ماكیندەرە. (Kessinger, 1994: 814)

لە ساڵی ١٩٩٦، لە زانكۆی بەرگری نیشتیمانی National Defense University دوبارە بابەتی ماكیندر بە ناوەی (Democratic Ideals & Reality) چاپكرا. هەر بۆیەش سیاسەتی جیهانی لە سەدەی بیستەم لە سەر تێڕاوانینی جیۆپۆلیتیكی ماكیندر چوارچێوە كراوە.

چین لە تێروانینی ماكیندەر لە دەروازەی (Pivot Region) "ناوچەی جەمسەری" دایە و خاوەن خاكێكی زۆرە و بە دەریا دەگات و دانیشتوانی زۆرە و خاوەند سەرچاوەی سروشتیی جیاجیایە. هەروها ڕۆسیا خاوەندی خاكێكی فراوان و دانیشتوانێكی زۆر و لە تەنیشت ئەمانەشەوە خاوەندی چەكی ئەتۆمییە. ڕۆژئاواییەكان و ناوەندی ڕۆژهەلاتی ئەورۆپا بە سەركردایەتی ئەڵمانیا بەرەو یەكێتی ئابووری ڕۆیشتن. ماكیندەر یەكەم كەس بوو، كە جۆگرافیای وەكوو یارمەتیدەرێ بینی بۆ درووستكردنی دەوڵەت و ستراتیژییەكان. (Parker,1982:p, 1-2)

### ٢-١-٢- ئالفرێد ماهان و هێزی دەریایی

ئالفرێد ماهان (Alfred Thayer Mahan) پێی وایە شكۆمەندی نەتەوە پەیوەستە بە هێزی دەریا، بەتایبەت بۆ بەكارهێنانی لە ڕووی بازرگانی لە كاتی ئاشتییدا و كۆنترۆڵكردنی لە كاتی جەنگ.چوار چێوەی تیۆری ماهان دەگەرێتەوە بۆ Antoine Henri Jomin نووسەری هونەری جەنگی ناپلیۆن. ماهان سەرنج دەداتە شۆینە ستراتیژیەكانی وەكوو نۆكەندەكان، خاڵەكانی پشكنین، ویستگەی خەڵوز بۆ هێزی جەنگ. .Check point, canals, coaling station fighting power

ئەوەی نەتەوەیەك بێ بە خاوەن هێزی دەریایی ماهان شەش مەرجی سەرەكی بۆ داناوە:

١- پێگەی جوگرافیای بەسوود

٢- فراوانی سەرچاوە سروشتیەكان، كەش و هەوای گونجاو،

٣-خاكێكی بەرفراوان

٤- زۆری ڕێژەی دانیشتوان بۆ بەرگریكردن لە خاك

٥- كۆمەلگەیەكی بە ئەزموون و پسپۆر لە بواری وەبەرهێنان و بازرگانی

٦- حكومەیێكی كاریگەر و پر ویست بۆ كۆنترۆلكردنی دەریا( see:Navy Basic Military Requirements, 2013)

ماهان كەوتۆتە ژێر كاریگەری هەبوونی ڕوسیا لە ناو جۆگرافیاییەكی گەورە. بۆیە ئۆراسیا سەرنجی ڕاكێشاوە و پێی وابووە ڕوسیا بەهۆی سنووری فراوانی دەتوانێ دەست بەسەر باشووری وڵاتەكەی بگرێ، و ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ناوەندی ئاسیا. بۆیە ئەو پێی وایە دەبێت هێزێكی ئەنگلۆساكسۆنی بوونی هەبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فراوانخوازی ڕوسیا بە مەبەستی داگیركردنی هێزی دەریایی.(Mahan, 1920: 25-27)

ترسی لەناوچوون یەكێ لەو هۆكارانە بووە ، بۆ ئەوەی نەتەوەكان و دەولەتەكان ڕوو لە دروستكردنی هاوپیمانی بكەن لە پێناو مانەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەكان.

هۆمێر لیی Homer Lea ( The day of the Saxon) 1912 باسی لە فراوانخوازی و مەترسییەكانی ئەلمانیا، ڕوسیا و ژاپۆن كردووە.ئەو پێی وایە ئەڵمانیا زیاتر مەبەستیە بۆ سەر ناوەندی ئیمپراتۆریەتی بریتانیا هێرشی فراوانخوازی بكات. فروانخوازیەكانی ژاپۆن لە ڕووی جیۆپۆلیتیكی بەرەو دوورگەی ڕۆژهەلات هەنگاو دەنێت. ڕوسیا بۆ لای هیندستان دەجوڵێت. (Homer, 2010)

### ٢-٣- ڕوانگەی ئەمریكا بۆ جۆگرافیای جیهانی بەرفراوان

لەگەڵ ئەوەی شیكردنەوە وپێناسە و تیۆری جیاجیا هەیە سەبارەت بە بابەتی جیۆپۆلیتیك، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە، هەڵوێست و سیاسەتەكانی دەرەوی وڵاتانە یەكگرتووەكانە سەبارەت بە جۆگرافیایەكی دیاریكراو لە جیهان. ویلایەتە یەكگرتووكانی ئەمریكا لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا پێگەی جۆگرافیای وڵاتانی لا گرینگ بوو، كە بە هۆیەوە داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوە سیاسەتەكانیان بنەمادەكرد. ڕووبەڕووبوونەوەی فراوانخوازیەكانی یەكێتی سۆڤیەت یەكێك بووە لەو بابەتانەی، كە لە ڕووی جۆگرافیا سەرنجی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی بۆ لای خۆی ڕاكێشابوو. لە ناو بیری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا ئەوەی نەگۆڕاوە، ترسە لەوەی ئەورووپا و ئاسیا لە لایەن نەیارەكانی ئەمریكا (ڕوسیا و چین) داگیر دەكرێن. بۆیە ئەمریكا بۆ ڕووربەڕووبوونەوەی یەكێتی سۆڤیەت لە ئەوروپا هاوپیمانێتی دامەزراند تا یەكێتی سوڤیەت نەتوانێ دەست بەسەر تەواوی هێزی زەوەی بگرێت. ( Dodds, 2007:8-9)

هەستكردن بە هەڕەشە" Threat Perception، هۆكار بووە ، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەگرینگییەوە بڕوانێتە جۆگرافیای سیاسی وڵاتە زلهێزەكان، تەنانەت بڕوانێتە وڵاتانی جیهانی سێیەمیش، كە بەردەوام گۆڕەپانێك بوون بۆ ململانێی نێوان زلهێزانەكان، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێت ڕێگری بكات لە هەژموون و فراوانخوازی و ئایدیۆلۆژیای نەیارەكانی.

ڕوانگەی هێنری كیسنجەر سەبارەت بە جیۆپۆلیتیك بوو بە ئاسویەكی نۆی ستراتیژی جیهانی. لە سەردەمی جەنگی سارد مەترسی فراوانخوازیی سۆڤیەت ڕەنگی دابۆوە لە

ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بۆیە تێڕوانینەکانی کیسنجەر سەبارەت بە جوگرافیا گرینگی پێدرا لەڕووی سیاسی و سەربازی بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی فراوانخوازیەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە جیهانی سییەم.

بۆیە لەو سەردەمەدا، کاتێ جەنگی سارد بەرەو هێوربوونەوەیەکی ڕێژەیی هەنگاو دەنا، ڕوانگەی کیسنجەر بریتی بوو لە بەردەوامبوون بۆ مسوگەرکردنی بەرژەوەندیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەناو هاوسەنگی هێز و تەنانەت هەوڵ: درا بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ نەیارانی یەکێتی سۆڤیەت، یان لەگەڵ ئەو لایەنانەی، کە دژیی فراوانخوازی یەکێتی سۆڤیەت بوون، بۆ نموونە چین. مەبەستی گشتی لەو هەنگاوانە ئەوە بوو، ئەمریکا بتوانێت ڕێگری بکات لەسیاسەتی فراوانخوازی سۆڤیەت لە ڕووی جیۆپۆلیتیکەوە.

هەر بۆیە یەکێك لەو ستراتیژەی کە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەکار دەهێنرا، گەمەی هاوسەنگی "Equilibrium game" بوو. واتە کەمکردنی ڕێژەیی هێزی سەربازی ئەمریکا و بەکارهێنانی سیاسەتی نەرم بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی یەکێتی سوڤیەت و پشتگیری کردن لە نەیارانی یەکێتی سوڤیەت. ڕاستە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی کیسنجەر ڕوون و ئاشکرا نیە، بەڵام زانایان بۆچوونیان وایە، کیسنجەر بووە هۆکاری زیندۆبوونەوەی زاراوەی جیۆپۆلیتیك لە ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و کاریگەری هەبووە لە سەر ستراتیژی جیهان و فاکتەری جۆگرافیا هۆکار بووە بۆ بەرەوپێشچوونی بابەتە سیاسی و سەربازییەکان.

بیرمەندێکی تر، کە ڕاوێژکاری نیشتیمانی ئیدارەی کارتر بوو، سبگنییف بریژینسکی، پێی وابوو، کاتی ئەوە هاتووە، ڕێگری لە فراوانخوازیەکانی یەکێتی سۆڤیەت بگرێت . چونکە لە ساڵی ١٩٧٩ یەکێتی سۆڤیەت ئەفغانستانی داگیرکرد، ئەمەش فراوانخۆازیەکانی جیۆپۆلیتیکی یەکێتی سوڤیەتی زیاتر زەقتر کردبوو. لە ڕوانگەی ئەوەوە سیاسەتی نواندنی نەرمی و هێورکردنەوەی پێشووتر شکستی پێهات، بۆیە دەبوو ئەمریکا لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە، بۆ نموونە پاکستان، ڕووبەڕووی یەکێتی سۆڤیەت بێتەوە، هەر ئەمەش بووە هۆکاری درووستبوونی ڕێکخراوەی تیرۆریستی وەکوو ئەلقاعیدە، کە لەلایەن ئوسامە بن لادن ڕێبەرایەتی دەکرا.(هەمان سەرچاوە،ل. ٣٨-٣٩)

واتە سیاسەتی هێورکردنەوە و هاوسەنگی هێز ئیتر لە بەرژەوەندی ئەمریکا نەبوو. بۆیە ئەو بیرمەندانە پێیان وابوو پێویستە ئەمریکا سیاسەتێکی زۆر تۆندتر لە هەمبەر ئارەزووەکانی جیۆپۆلیتیکی یەکێتی سوڤیەت پەیڕەو بکات. بەو واتایەی، ئەگەر ڕێگری لە یەکێتی سوڤیەت نەکرێ، ئەوا یەکێتی سۆڤیەت تەواوی ئاسیا و ئەوروپا داگیردەکات. سیاسەتی ئاشتیخوازانەی، کە لە ئیدارەی سەرۆك کارتر بەکاردەهات، بەم شێوەیەی خوارەوە لە ئیدارەی سەرۆك ڕیگان گۆرانکاری بەسەر هات:

١- بەدواداچوونکردن بۆ ئەو لایانانەی سەربە یەکێتی سوڤیەتن لە ناوەندی ئەفریقا و لە ئاسیا ، ئەوانەی وەکوو بریکاری سۆڤیەت کاردەکەن.

٢- پاڵپشتی ئەو دەوڵەتانە بکرێت، کە دژی ئەکێتی سوڤیەتن لە جیهانی سێیەم.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوو بیرۆکەیەك دروست بوو لەناو گرۆپێ، کە لەژێر کاریگەری ڕیالیزمی سیاسی بوون. ئەو گروپە پێی وابوو، لە جەنگی ساردی دووەم، واتە ئەو کاتەی سیاسەتی هێورکردنەوە تێکشکا، پێویستە لەسەر ئەمریکا لەم جیهانە ئانارشیستیە بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆی بگەرێ، بە شێوەیەك کە زەقتر بێت لە شێوەی سەردەمی کارتر. کەسانی سەر بەم گروپە کاریگەر یان هەبوو لەسەر ئیدارەی جۆرج بوشی باوك و کوڕ. بۆ نموونە دۆناڵد ڕامسفیلد، کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوو لایەنگری سەدام بوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣ یەکێك بوو لەو کەسانەی، کە هۆکار بوو بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام.(هەمان سەرچاوە. ل. ٤١)

بۆچی ئەمریکا لە زۆر شوێنی جیهان هیزی سەربازی خۆی جێگیر کردووە، ئایا خواستی ئەوەی هەیە، یان هۆکارێ هەیە و ئەمریکا بیانوێ بۆ دەدۆزێتەوە، وەکو ئەوەی دەووترێ war of choice ، تا مەترسیەکان لەسەر بەرژەوەندیە نیشتیمانیەکانی ئەمریکا کەم بکرێتەوە.(Walt, 27 June, 2021)

ئەگەر لەڕووی جیۆپۆلیتیك بڕوانینە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئەوا ئەمریکا دورگەیەکی دووره لە ئۆراسیا، بەڵام ئەگەر ئۆراسیا یەکگرتوو بێت، ئەو کاتە بەهێزدەبێت و لە ڕووی ڕووبەر و سەرچاوەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا فراوانتر دەبێت. بۆیە کیسنجەر پێی وایە، بۆ نەمانی ئەو هەرەشەیە لە سەر ئەمریکا، ، دەبێت ئەمریکا سیاسەتی هاوسەنگی و هێز بەکار بهێنێت لە ئۆراسیا. (Kessinger, 1994, p.813)

بریژینسکی دەپرسێت، چۆن ئەمریکا دەتوانێ ئیدارەی بابەتێکی هەستیاری وەکو ئۆراسیا بدات، کە گەورەترین کیشوەری جیهانە و لە ڕووی جیۆپۆلتیکی زۆر گرینگە؟ ئەو پێی وایە هەر هێزێك دەست بەسەر ئۆراسیا بگرێت، دەتوانێ دوو لە سەر سێی جهیان کۆنترۆل بکات، کە لە ڕووی ئابووری دەوڵەمەندە. کۆنترۆڵکردنی ئۆراسیا درێژە دەکێشێ تا کۆنترۆل کرد نی ئۆتۆماتیکی ئەفریقا و خستنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

٧٥٪ دانیشتوانی گۆی زەوی لە ئۆراسیا دەژێ، زۆرترین سامانی فیزیکی جیهان لەو شوینەیە. ئۆراسیا ٦٠٪ ی GNP، "Gross national product" ، جیهان پێکدەهێنێت، کە دەکاتە نزیکەی سێ لەسەر چواری سەرچاوەکانی جیهان.(Brezezinki, December 6, 2016)

لە لایەکی ترەوە جۆن میرشایمەر، زانای گەورەی ئەمریکی سەر بە قوتابخانەی ڕیالیستی بنەماگەرا ،بە تایبەت ریالیستی هێرشبەر، بەرژەوەندیەکانی ئەمریکای دەستنیشان کردووە بە:

١- بەرگریکردن لە وڵات.

٢- گەیشتن بە سەرچاوە سرۆشتیبەکان.

٣- پاراستنی ڕێگای دەریاوانی ئازاد.

٤- ڕێگری کردن لە داگیرکردنی دۆرگەی جیهانی "دڵی زەوی" لە لایەن نەیارانی وکوو، روسیا و چین.

مانەوەی ئەمریکا لەوناوچانە مسۆگەر بوونی پێگەی و ڕێگری کردنە لە داگیر کردنی ئەم بەشەی زەوی. ئەگەر ئەمریکا بۆشایی بەجێ بهێڵێت ئەوە دەبێتە هۆی دەروازەکردنەوە بۆ نەیارانی.(Mearsheimer, 2010: 382)

**٣- پەیوەندییەکانی میسر و ئەمریکا**

**٣-١- سەردەمی ناسر و فراوانخوازەکانی سۆڤیەت**

دەوڵەتی میسر سیاسەتەکانی دەرەوەی لەسەر سێ ڕەهەند، عەرەبی ئیسلامی، ئەفریقی و ڕۆژئاوایی، پەیڕەودەکات. لە ڕووی پەیوەندی و سیاسەتەکانی بەرامبەر بە ڕۆژئاوا بە تایبەتی لەگەڵ ئەمریکا، کاتێ جیهان دابەشی دوو جەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بوو، و لە سەردەمی جەنگی سارد میسر یەکەک بوو لەو وڵاتانەی ئەمریکا نەیویستووە بکەوێتە ژێر ڕکێفی یەکێتی سۆڤیەت. هەروەها ڕاستە دەوڵەتی میسر پاش سەربەخۆیی لە سەردەمی جەمال عبدولناسر سیاسەتەکانی دژ بە ڕۆژئاوا و داگیرکاری پەیرەوە دەکرد. ئەمریکا زۆر هەوڵی دا، لەگەڵ ناسر بکاتە ڕێکەوتن، و یارمەتی دارایی پێ بدات، بەڵام هەستی ناسیۆنالیستی سەرۆک ناسر و باوەڕهەبوونی بە دۆکترینی پان عەرەبیزم و لایەنگەریکردنی توند دۆزی فەڵەستینییەکان دژ بە ئیسرائیل هەموو ئەمانە هۆکار بوون، کە میسر نەکەوێتە بەرەی ڕۆژئاوا. (Bilgenoglu, 2020).

میسر لە زۆربەی جەنگەکان دژ بە ئیسرائیل ئەرکی سەرکردایەتیکردنی جەنگی لە ئەستۆ گرتووە، بۆ نموونە لە جەنگی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧، کە میسر تیاید شکستی هێنا و بە هۆیەوە ئیسرائیل توانی ناوچەی سینا و بەرزاییەکانی جۆلان داگیر بکات. دواتر دیسان میسر و ئوردن بۆ تۆڵەسەندنەوە و گەڕانەوەی ناوچەی سینا جەنگێکی تریان هەڵگیرساند، بە ناوی war of attrition "جەنگی داهەڕان"، کە تا ساڵی ١٩٧٠ درێژەی کێشا و نەیتوانی ئەو ناوچانە لەژێر دەست ئیسرائیل دەربکات.(Dunstan, 2003)

هەرچەندە دەبێت ئاماژە بە بەنیشتمانیکردنی نۆکەندی سویس بدەین، کە لە لایەن ناسر لە ٢٦ تەمموزی ساڵی ١٩٥٦ ڕاگەیەندرا، بە بەیانۆی دابین کردنی داهات بۆ بەنداوی ئەسوان، لەکاتێکدا ئەمریکا یارمەتیەکانی ڕاگرتبوو، ئەمەش بووە هۆکاری داخستنی نۆکەند بە سەر کەشتیوانی ئیسرائیل. ئەم نۆکەندە پێگەیەکی ستراتیژی هەبوو بۆ ئەو وڵاتە و وڵاتانی دەرەکی کە وەبەرهێنانیان تێدا کردبوو.

بۆیە هەر سێ وڵاتی بریتانیا، فەرەنسا و ئیسرائیل بەرەیەکی هێرشکردنیان دژ بە میسر ڕاگەیاند و ئیسرائیل سینای داگیر کردەوە. دواتر ئەمریکا لە سەردەمی ئایزنهاور داواکرا ئەم هێرشانە ڕابگیرێ، چۆنکە ئەمریکا مەبەستی نەبوو میسر بە تەواوی بکەوێتە ژێر کاریگەری یەکێتی سۆڤیەت. داوتر نەتەوە یەکگرتوەکان دەستێوەردانی و بڕیاری دا هێزێکی لە ناکاوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیمچەدوورگەی سینا جێگیر بکرێت. (Mayer, 2010,p: 44)

ئەمەش لە مێژوو بەوە ناسراوە کە شکست بە بریتانیا هێنا و بوو بە هۆی ئەوەی ناسر زیاتر خۆشەویست بێ لە جیهانی عەربی(Peden,Dec 2012)

دوای قەیرانی نۆکەندی سویس و هەڵگیرسانی شەری شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧، کە شکستی بە میسر هێنا و بوو بە هۆکاری ئەوەی دیسان ناسر بە هاوپەیمانی ئوردن جەنگی داهەڕان ڕابگەیەنێت، لە ساڵی ١٩٦٧ تا ١٩٧٠ درێژەی کێشا. دواتر نەتەوەیەکگرتەوەکان دەستێوەردانیان کرد و ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٢٤٢ دەرکرد، بەڵام بڕیارەکە زۆر کاریگەری نەبوو لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان. دواتر سەرۆک ریتشارد نیکسۆن بە پلانی ڕۆگر Rogers Plan هەوڵی دا ئاگربەست ڕابگەیەنێت لە نێوان ئیسرائیل و میسر و ئوردن. دواتر لە ساڵی ١٩٧٠ ئاگربەست ڕاگەینرا. ( See: (Brad, March3, 2007)(Israel:The War of Attrition, March 3, 2007

***٣-٢- دروست بوونی پەیوەندییەکان لە گەڵ ئەمریکا پاش سەردەمی ناسر:***

لە سەردەمی ستراتیژی هێورکردنەوە Detenete ی نێوان زلهێزەکان لە حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوو، ڕێکەوتنی ساڵت (SALT) و ئەی بی ئێم تی (ABMT) لە نیوان سۆڤیەت و ئەمریکا کاریگەرییان لەسەر سیاسەتەکان وڵاتان دروست کرد. (Amstutz, 1995) بە تایبەتیش لە سەردەمی ئەنوەر سادات کاریگەرییان هەبوو لەسەر سیاسەتی میسر بەرامبەر بە ئەمریکا.

ئەنوەر سادات پێی وابوو بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشەکان پیویستە خۆی لە ڕۆژئاوا نزیک بکاتەوە، بۆیە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی بەرەوە ڕۆژئاوا گۆرا. سادات هەوڵی دا بازاڕی کراوە بێت وگۆرانکاری بنەڕەتی بکات، تا سیاسەتەکەی لەگەڵ ڕۆژئاوا بگونجێت، هەرچەندە لە ڕووی هەستی عەربی و ئیسلامی هێشتا هەر پاڵپشتی فەلستینی دەکرد، بەڵام هەنگاوی گرینگی نا لە پێناو بووژانەوەی پەیوەندیەکانی میسر لەگەڵ ئەمریکا.

ئەمریکا لەو سەردەمەدا لە ژێر کاریگەری دیپلۆماسەتی مەکۆکی ( Shuttle Diplomacy) بوو. هێنری کیسنجەر لە ٥ ی تشرینی دووەمی ساڵی١٩٧٣ دەستی بە پەیڕەوکردنی ئەو دیبلۆماسیەتە کرد، ئەمەش بە ووردی لە دوای جەنگی تشرینی یەکەم "ئۆکتۆبەر" بوو (Lenczowski, 1990: 131) دواتر هەر لە سەردەمی ئەنوەر سادات لە ساڵی ١٩٧٨ بۆ یەکەم جار بە ناوندگیری ئەمریکا هەوڵ درا پرۆسەی ئاشتی لەنێوان ئیسرائیل و میسر لە کامپ دەیڤد ئەنجام بدرێت، بەو مەرجەی ناوچەی سینا بگەڕێتەوە بۆ میسر. پرۆسەی ئاشتی لە ساڵی ١٩٧٩ بە تەواوی لە نێوان ئیسرائیل و میسر ڕێکەوتنی لەسەرکرا. ئەوەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی میسر لە ژێر کاریگەری یەکێتی سۆڤیەت دەربچێت.(Ghali, 1982: 771)

**٣-٣-پەیوەندی میسر لەگەڵ ئەمریکا لە سەردەمی موبارەك:**

ئەگەرچی لە سەردەمی سادات هەوڵی ئاشتی دراوە و ڕێکەوتنی ئاشتی لەگەل ئەمریکا و ئیسرائیل درووست بوو، بەڵام سەرۆك حوسنی موبارەك هەوڵی دا لە لە سەر ئاستی ناوچەکە و لەگەڵ ڕۆژئاوا هاوسەنگی درووست بکات و بەردەوامی دا بە سیاسەتەکانی سەردەمی سادات، لە پێناو پاراستنی پەیوەندییەکانی میسر لەگەڵ واشنتۆن، بەردەوامبوونی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل، بەردەوامبوونی لەسەر ئازادی ئابووری و ئازادی سیاسی.

بۆ مسۆگەرکردنی یارمەتییە داراییەکانی میسر هەوڵی دا خۆی لە ئەمریکا بەدوور نەگرێ و لە هەمان کاتدا کاری کرد بۆ دووبارە درووستکردنەوەی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ڕوسیا. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٨٤ بە فەرمی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا دامەزراندەوە.

هەروەها موبارەك هەوڵی دا سەرچاوەکانی داهات فرەجۆر بکات و تەنها پشت بە ئەمریکا نەبەستێ، بۆیە گرێبەستی کڕینی چەکی لەگەڵ ڕوسیا واژووکرد.(Cantori,1990:343)

**رأس بناس Ras Banas :**

نیمچە دوورگەیەکە، دەکەوێتە سەر دەریای سوور، مشت و مڕی زۆری لە سەر بووە، لە سەردەمی سادات بە شێوەی کاتی دراوە بە ئەمریکا، تاوەکوو بنکەی سەربازی لێ دابمەزرێنێت، بەڵام بۆ نوێکردنەوەی ئەم بەڵێنە لە سەردەمی موبارەك دووبارە داوا کرایەوە، (alshafei, 1990) . موبارەك لە ساڵی ١٩٨٢ رێگەی نەدا بنکەی سەربازی بەشێوەی هەمیشەیی لێ دروست بکرێت وڕایگەیاند، ئەمریکا تەنها بۆ حاڵەتی لەناکاوا دەتوانێت رأس بناس بەکار بهێنێت و هێزی سەربازی خۆی لێ جێگیر بکات، بۆ ئەم مەبەستە ئەمریکا لە سەرەتاکانی جەنگی کەنداو بەکاری هێنا. ( Burns, 1984)

هەرچەندە موبارەك هەوڵی داوە هاوسەنگی لە نێوان خواستی ناوخۆی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزەکان بپارێزی. کاتێ کە توشی قەیرانی ئابووری و کێشەی تیرۆر بووە لە ناوخۆ لە ساڵەکانی ١٩٩٠، پێ وابوو کە بۆ بەهێز بوون لە ڕووی دەرەکی دەبێ لە ئاستی ناوخۆییش دا بەهێز بێ ، بۆیە کردنەوەی بازاری ئازاد یەک لە هەنگاوەکانی بوو، بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی. و تیرۆریزمی بە دوژمنی ولاتەکی ناوزەد دەکرد. بۆیە ش لە بەرقەراەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزەکان بەردەوام بوو بەتایبەت ئەمریکا. (Amer, 1984)

لە ساڵی ١٩٩٠ تا ساڵی ٢٠٠١، موبارەك بە هۆی ستراتیژی ئاشتی چەندین دەسکەوتی هەبوو:

١- بەدیهێنانی سەقامگیری و بووژانەوی ئابووری.

٢- مسۆگەرکردنی بەردەوامی لە وەرگرتنی یارمەتی سەربازی لە ڕووی دارایی. هەر کاتێ کۆنگریس هەوڵی دابێت یارمەتی دارایی بۆ میسر کەم بکات، ئیدارەکانی ئەمریکا بە ئاماژەکردن بە گرینگی پێگەی ستراتیژی میسر بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەردەوام بوون لە پێشەکشکردنی یارمەتی دارایی بە میسر.

٣- لە ڕووی ناوچەیی میسر ڕۆلی گێڕاوە لە کەم کردنی ناکۆکیەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین. و ڕۆلی پێشەنگی هەبووە لە بەرقەرار کردنی ئاشتی لە جیهانی عەرەبی و بۆیەش لە دوای ڕۆخانی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩٠ کان هاوپەیمانیەتی خۆی لەگەڵ ئەمریکا پتەوتر کرد. (Shama, 2008)

**٣-٤- ڕێکەوتنی ئاشتی و پاڵپشتی دارایی**

*لە ڕووی یارمەتی ئەمریکا بۆ میسر بە پێی ڕاپۆرتی کۆنگریسی ئەمریکا، ئاماژە کراوە، کە دوای ١٩٤٦ یارمەتی دارایی دەرەکی لە پەیوەندی دولایەنەی نزیکەی زیاتر لە ٨٤ ترلیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆوە، دواتر لە دوای ساڵی ١٩٧٩ و پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل یارمەتی تری وەک سەربازی و ئابووری زیادی کردووە. ئەمەش بەو بەهانووە بووە، ئەوان لەم ڕێگەیە دەیانەوێ سەقامگیری ناوچەکە بپارێزن. لە بۆدجەی بەرگری ئەمریکا بۆ ساڵی ٢٠٢٢ سەرۆک بایدن ، ١,٤ ملیار دۆلاری ئەمریکی بۆ میسر داوا کردبوو، لە ساڵی پێشوتریش بەم ڕێژەیە بووە.*

*میسر دەتوانێ بە هۆیەوە سیستەمی چەک و تەقەمەنی چاکی دەستکەوێ و سوود لە خزمەتگوزاری بەڵێندەرانی بەرگری ئەمریکا وەربگرێ. ئەم بۆدجەیە لە هەژماری FMF دێت کە تایبەتە بە یارمەتی سەربازی دەرەکی. (*Jeremy M. Sharp,2021)

**٣-٥- پەیوەندیەکان دوای بەهاری عەرەبی**

*بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١ لە چەندین وڵاتی عەرەبی سەری هەڵدا، بۆ گۆرینی سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتەکانی ناوخۆیی ئەو دەوڵەتانە. میسر یەکێك بوو لەو دەوڵەتانە، کە جەماوەرەکەی ڕاپەڕی و دەسەڵاتی حوسنی موبارەك ڕوخاند، دواتر محمد مورسی، سەر بە بزوتنەوی ئەخوان لمسلمین بوو بە سەرۆک، کە مەبەستی بوو ئاراستەکانی سیاسەتی دەروەی میسر بگۆڕێ و تەنانەت ئەمریکا لە سەردەمی مورسی مەبەستی بوو جۆرێکی تر لە سیاسەتی بەرامبەر بە میسر پەیرەو بکات.*

*ئەوەی کە جێگای سەرنج بوو، کاتێ شورش لە شوێنێ ڕوودەدات، هەموو سیاسەتەکانی ناوخۆیی و دەرەوەی ئەو شوێنە دەگۆرێ، بەڵام لە میسر تەنیا سیستەمی سیاسی گۆرا و سیاسەتی دەرەوەی میسر گۆرانکاری بەسەر نەهات. کاتێ مورسی هەوڵی نزیک بوونەوەی دا لەگەڵ نەیارانی ئەمریکا و لەلایەکی تریش هەوڵی دا پەیرو پرۆگرامەکانی ناوخۆیی و دەستوری میسر بگۆرێ و میسر بەرەوە ولاتەکی ئیسلامی ئیخوانی ببات، یەکسەر لەسەر دەسەڵات لابرا. شورشی سەربازی دیسان دەستی بە سەر دەسەڵات گرت و عەبدولفەتاح سیسی هاتە سەر دەسەڵات.*

*ئەمریکا لە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ میسری دوای موبارەك گۆرانکاری نەکردوو و بەردەوامبووە لە پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی و سەربازی و هاوکاری و هەماهەنگی زیاتر بووە، بە تایبەتی لە بواری شەری دژە تیرۆر و پاراستنی هاوسەنگی نێوان جیهانی عەرەبی و ئیسرائیل . (Glen, Dec 12, 2013 and Meringolo, 2015)*

پێگەی میسر لە ڕووی جیۆپلۆتیکی هێشتا هەر گرینگە، دەتوانرێ وەکوو کارتێکی کاریگەر لە ناوچەکە و لە جیهان بەکار بهێنرێ، بۆ نموونە وەکو فاکتەری نێوەندگیری بۆ ئاشتی ئیسرائیل و فەلەستین، یان وەکو کەناڵێکی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین. ناکۆکی لەگەڵ حەماس و ئیخوانیەکان بە واتای ناکۆکیە لەگەڵ قەتەر و تۆرکیا، بەلام میسر ڕۆلی کاریگەری هەیە بۆ سەر ئەم کێشەیە و لە ڕووی هێزی دیمۆگرافی گەورەترین ولاتی جیهانی عەرەبیە لە ڕۆژی دانیشتوان خاوەن هێزی سەربازی گەورەیە لە ناوچەکە و جیهانی عەرەبی بۆیە بە گرینگی دەڕوانێنە پێگەی میسر. ئەم هێزە لە ناو جیهانی سیاسەت دا وەکوو فاکتەری هاوسەنگی ستراتیژی لە ناوچەکە بەکار دێ.

لە لایەکی تر نۆکەندی سویس گرینگی پێگەی میسر دەرخستووە کە ئەم نۆکەندە لە نیوان زەریای هیندۆستان و دەریای ناوەراستە و بۆ ناو ئاتلانتیک دەروات. ئەم نۆکەنەدە ڕێرەوی بازرگانی جیهانە و هەروەها ڕێگەی گواستنەوەی وزەی ولاتانی کەنداوە بۆ دەرەوە. هەر بۆیەش سەقامگیر بوونی ئەم نۆکەندە بۆ میسر گرینگە و

سەرەرای ئەوەی کە لە قەیرانی ئابووری دایە بەلام گرینگی بە سەقامگیری و پەرەپێدانی ئەم رێرەوە دەدات. (Bassou, 2016)

## ٤- جیۆپۆلیتیکی میسر و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا

ئەگەر سەیری فاکتەری جیۆپۆلیتیک لە ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەکەین بەتایبەت ئەگەر بڕوانینە پێگەی میسر وەکوو ولاتێ، دەبینین ئەم ولاتە دەکەوێتە باکووری رۆژهەلاتی کیشوەری ئەفریقا، کە سنووری دەریایی لەگەڵ دەریای سوور و دەریای ناوەراست و نۆکەندی سویس هەیە و دراوسێیی ولاتێکی گرینگی وەکوو ئیسرائیلە، کە هاوپەیمانی ستراتیژی ئەمریکایە. لەلایەکی ترەوە بوونی لە ولاتانی کەنداوی عەرەبی و رۆژهەلاتی ناوەراست. ئەمەش وای کردووە میسر پێگەیەکی جیۆپۆلیتیکی گرینگی هەبێت لە ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، کە دەکرێت بەکار بهێنرێ بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لەگەڵ جیهانی عەربی و ولاتی ئیسرائیل، بەکاربهێنرێ بۆ جەنگ دژ بە تیرۆر، و رێگریکردن لە هەژموونی زلهێزەکان لە ناو چەکە.

### ٤-١- پاراستنی هاوسەنگی نێوان جیهانی عەرەبی و دەولەتی ئیسرائیل

### ٤-١-١- دروست کردنی هاوسەنگی لە نێوان حەماس و ئیسرائیل

پێگەی جیۆپۆلیتیکی میسر تەنانەت وای کردووە ئەمریکا کاریگەری هەبێ لەسەر ئەم ولاتە بۆ دروستکردنی پەیوەندی ئاشتیانە لەگەڵ ئیسرائیل. پاش ١٩٧٩ ، کە پرۆسەی ئاشتی بەرێوەچوو، ئەمریکا بەردەوام هەولی داوە ئەم رێکەوتنە سەقامگیری بەخۆیەوە ببینی، چونکە ئیسرائیل بۆ ئەمریکا هەوپیمانێکی ستراتیژیە. بۆیە رۆلی میسر لە لایەک لە تەنیشت ئیسرائیل رووبەرووی حەماس دەبێتەوە، لە لایەکی تریش هەوڵ دەدات رۆلی نێوەندگیری بگێرێ بۆ سەقامگیری و ئاشتی نێوان ئیسرائیل و حەماس، تەنانەت بۆ نێوەندگیری لە نێوان حەماس و "فەتح"ی ڕکابەری لە فەلەستی. ئەم هەولە لەسەردەمی سەرۆک عەبدولفەتاح سیسی زیاتر بووە، چۆنکە سیسی دژایەتی ئیسلامی توندرەو دەکات، لە هەر شوێنێك بێ، دیارە ئەمەش لەگەڵ سیاسەتەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا دەگۆنجێ.

### ٤-١-٢ جەنگی دژ بە تیرۆریزم

یەکێك لە فاکتەرە بەرچاوەکان، کە لەئیستادا پێگەی جیۆپلۆتیکی میسر لە ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گرینگ دەکات، رووبەرووبوونەوەی تیرۆریزمە. میسر لە پاڵ هێزی ناوچەیی تر و ئەمریکا رۆلی گرینگ دەگێرێ دژ بەو گرۆپە تیرۆریستیانەی، کە لە نیمچە دورگەی سینا بوونیان هەیە و بوون بە مایەی هەرەشە بۆ سەر میسر.

لە لایەکی تریش رێکخراوێکی مەترسیداری تر بوونی هەیە بە ناوی دەولەتی ئیسلامی لە نیمچە دوورگەی سینا IS-SP، ئەم گروپە لە سالی ٢٠١٤ سەری هەلدا و بە بەردەوامی هێرش دەکاتە سەر سەربازەکانی میسر و شوێنی کریستیانەکان دەکات بە ئامانج و بە موشەك هێرش دەکاتە سەر ئیسرائیل.

ئیسرائیل ومیسر پێکەوە کاردەکەن بۆ رووبەڕووبونەوەی تیرۆریزم لە سینا. تەنانەت هەماهەنگی باشیان هەیە لە بەکارهینانی ئاسمانی یەکتر لەکاتی رووبەرووبوونەوەی چالاکی تیرۆریستان.(See; NewYork Times, Feb 3, 2018) ئەمە یەکێکە لەو فاکتەرانەی، کە هاندەر دەبێت، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە گرینگییەوە بڕوانێتە پەیوەندی ستراتیژی خۆی لەگەڵ میسر.

### ٤-١-٣- هەبوونی هاوبەشی لە بواری گازی سروشتی و سەقامگیری دەریای ناوەراست

بوونی گازی سروشتی لە رۆژهەلاتی دەریای ناوەراست وای کردووە پەیوەندیەکانی نێوان میسر و ئیسرائیل زیاتربێت، هەردوولا پاش سالی ٢٠١٨ وەکوو هاوبەش و هاوکاری یەکتر رێکەوتنێکیان بە بڕی ١٥ ترلیۆن دۆلار واژووکرد بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی لە رێگەی میسر. میسر لە رۆژهەلاتی دەریای ناوەراست خاوەنی دوو تێرمینالە بۆ گازی سروشتی، تێرمینالی ئیدکۆ و دامێیتا.

هەروەها دوو کۆمپانیای میسری و کۆمپانیاکانی ENI ئیتالی و Royal Dutch Shell کاری لەسەر دەکەن.

بۆ میسر زۆر گرینکە بیێت بە دەروازەی گواستنەوەی گازی سروستی، هەر لە بەر ئەم هۆکارەش کار لەسەر پاراستنی ستراتیژیەتی ناوچەیی دەکات لەگەڵ ئیسرائیل و رێکەوتن ئەنجام دەدات.

لە مانگی کانوونی دووەمی سالی ٢٠١٩ میسر یەکەمین سەکۆی گازی دەریای ناوەراستی دامەزراند، کە بنکەی سەرەکی لە قاهیرەیە. ئەم سەکۆیە بریتیە لە میسر، ئیسرائیل، ئوردن، فەلەستین، قوبرس، یۆنان و ئیتالیا. ئەم سەکۆیە بۆ بەهێزکردنی سیاسەتی وزەی هەرێمیە لە نێوان ئەو ولاتانە و بەمەبەستی کەم کردنی تێچووە.(Associated Press, Jan 23, 2019)

دامەزراندنی ئەم سەکۆیە لە رێگەی میسر بووە هۆکار بۆ تورەبوونی تورکیا، بۆیە لە کۆتایی سالی ٢٠١٩ رێکەوتننامەی سەبارەت بە نەوت و گاز لەگەڵ حکومەتی لیبیا ئەنجامدا. (Hacaoglu, December 6, 2019) (Reuters, Dec 25, 2019) لە بەرامبەردا میسر لە سالی ٢٠٢٠ رێکەوتننامەی ناوچەیی ئابوری لەگەڵ یۆنان واژووکرد، وەکو وەلامدانەوەیەك بۆ ئەو رێکەوتننامەیەی نێوان تورکیا و لیبیا (Reuters,August 6, 2020) and (CRS,Dec 30, 2021).

### ٤-٢- گرینگی جیۆپلۆتیکی میسر لە دەریای سپی ناوەراست

بەهۆی سێ فاکتەر دەریای ناوەڕاست گرینگی جیۆپۆلیتیکی پەیدا کردووە:

١- میسر خالی پێکەوە گرێدانی ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقایە.

٢- رێرەوی دەریایی نێودەولەتیە، چەندین دەروازەی وەکوو ، گەرووی جەبەل تاریق، هەردوو گەروی بۆسفۆر و دەردەنێل و نۆکەندی سویس پێک دەهێنێ.

٣- سەرچاوەی گاز و نەوتی سروشتیە

دیارە ئەو ناوچەیە پاش دۆزینەوەی گازی سروشتی لەناو زۆنی تایبەتی ئابووری (EXCLUSIVE ECONOMIC Zone, EEZ) زیاتر گرینگی پەیداکرد:

دوای ئەوەی دەرکەوت دەریای ناوەڕاست بەتایبەت رۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاست، لە باکووری ولاتی میسر، چەند کێلگەی نەوت و گاز دیاریی کراوەن، ئەمەش وای کردووە، هاوکاری و هەماهەنگی ورێکەوتن لە نێوان چەند وەلاتی ئەم ناوچەیە دروست بێ.

كێلگەكانی West Nile Delata, Nooros, Atoll and Zohre Fields. لە دەرەوی کەناری دەریا، لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەراستن. (Prontera,2017:147) بۆیە هەبوونی پەیوەندی لەسەر ئاستی وزە و درووستبوونی هاوبەشی و هێنانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بۆ کارکردن لە کەرتی وزەی رۆژهەڵاتی دەریای ناوەراست، کە بە تایبەت لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا پێکهاتووە، گرینگیەکی جیۆپۆلیتیکی زۆری بۆ ئەمریکا دروستکردووە، تاوەکوو بتوانێ هەژموونی رۆسیا لەو ناوچانە کەمتر بکات. هەروەها ئەمریکا مەبەستیە ئەم سەرچاوەی گازی سرۆشتییە لەم ناوچەیە ببێتە جێگرەوەی گازی سروشتی روسیا بۆ وڵاتانی ئەوروپا.(هەمان سەرچاوە،ل.١٤٩)

### ٤-٣- سەقامگیری دەریای سوور و نۆکەندی سویس

میسر لە کەناری دەریای سوور پێگەیەکی جۆگرافیایی گرینگی هەیە، بۆیە ئەم دەریایە، کە لە ١٠٪ی بازرگانی جیهانی پێیدا تێدەپەرێ. لە ناو دا رێرەوەی ئاوییە ستراتیژیەکان لە جیهاندا دوو لەو رێرەوانە لەو ناوچەیە تێپەردەبێ، نۆکەندی باب المندب، کە دەکەوێتە باشووری دەریای سوور، نۆکەندی سویس لە باکووری دەریای سوور. ئەم دەریایە دەوردراوە بە نەتەوەکانی ئەفریقیا و عەرەب.(Charles, Oct 27, 2021)

سەقامگیری ئەم ناوچەیە نە تەنها بۆ وڵاتانی هەرێمی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقا گرینگە، بەڵکو وڵاتە زلهێزەکانی وەکوو ئەمریکا وچین وروسیاش گرینگە. ئەمریکا لە جیبۆتی بنکەی سەربازی دەریایی دامەزراندووە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و رووبەرووبوونەوەی چەتەگەری دەریایی و هەرەشەی حوسیەکانی سەر بە ئێران. لەبەرامبەردا ئێران نەخشەی بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی هەمیشەیی لە کەنداوی عەدەن لە باشووری یەمەن دروست بکات.

باس لە شەش هێڵی سەرەکی گرینگ سەبارەت بە دەریای سوور دەکەن کە پێک دێن لە کێشەی یەمەن و ململانیەی خەلیجی، بابەتی ئەسیوبیا و سودان، سۆماڵ، سەکۆی دەریایی سور ، و کێبرکێی زلهێزەکان. دەکرێ با س لە کێبرکێ زلهێزەکان بکەین، کە بە هەبوونی چین و ئەمریکا لەو ناوچەیە، بەتایبەتی هەبوونی چین وەکو رکابەرێکی سەرسەختی ئابوری ئەمریکا مایەی هەرەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا، بۆیە پێویستە ئەمریکا ئامادەیی دیپلۆماسی لە هەردوو کەنداو و شاخی ئەفریقا هەبێ، لەلایەکی ترەوە هەبوونی سوپای پاسدارانی ئێرانی لە دەریای سوور، ئەمەش مەترسیەکی ترە. دەریایی سوور بە هەبوونی دو تەنگەی نۆکەند، سویسی میسر و باب المندب لە باشوور دەریای سوور گرینگی جیۆپۆلیتیکی هەیە بۆ ئەمریکا. ( Vertin, 2019)

لەلایەکی ترەوە نۆکەندی سویس لە سەر دەریای سوور خاڵێکی جیۆپۆلیتیکی تری گرینگە لە ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، چونکە میسر بە هەردوو جیهانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات گرێدەدا. راستە ئەم نۆکەنەدە کاتی خۆیی ناوچەی شەری نیوان میسر و ئیسرائیل بووە، بەڵام لە ئێستادا خاڵێکی گرینگە بۆ هەردوولا، تا بتوانن هاوکاری یەکتر بن لە رووی ئابوری و ئاسایش و ژینگەدا. لە رووی ئاسایشەوە بۆ ئەمریکا گرینگە سەقامگیری لەم ناوچەیە هەبێ، تا ئاسایشی ئیسرائیل پارێزراو بێ و رێگری بکرێ لە رێکخراوە تیرۆریستەکان، کە لە دورگەی سینا چالاکی دەنوێنن. لە سەدا ٢٠ی هەناردەی ئیسرائیل لە رێگەی نۆکەندی سویس و دەریای سوور دەگوازرێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی دوور. بۆیە بۆ وڵاتانی ناوچەکەو میسر و ئیسرائیل گرینگە ئاسایشی ئەم ناوچەیە بپارێزرێ و رێگری بکرێ لە هێرشەکانی بریکارەکانی سەر بە ئێران.

لەرووی ئابوریەوە رێکەوتن هەیە لە نێوان ئەمریکا و میسر و ئیسرائیل، کە پێی دەوترێ، رێکەوتنی ناوچە پیشەسازییە شیاوەکان Qualifying Industrial Zones (QIZ) agreement:، بە مەبەستی بازرگانی و هەناردەکردن بۆ ئەمریکا لەرێگەی نۆکەندی سویس.

### ٤-٤- رێگری کردن لە هەژموونی نەیارانەکان

#### ٤-٤-١- روسیا:

زۆربەی زانایانی بواری جیۆپۆلیتیکی تیشکیان خستووە سەر روسیا و بە فەراوانخواز دەیبینن، کە خواستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیە، ئەڵێن ئەگەر روسیا دەست بەسەر دڵی زەوی بگرێ و ریم لاند کۆنترۆڵ بکات، ئەوا هەموو جیهان داگیردەکات. میسر یەکەکە لەو ناوچانەی کە دەکەوێتە ناو ئەو جۆرە سیاسەتانەی روسیا، بۆیە وڵاتانی رۆژئاوایی، بە تایبەت ئەمریکا، زۆر بە هەستیاری دەرواننە رۆڵی روسیا لە جیهان. بە تایبەت سەردەمێ روسیا بە ناوی یەکێتی سۆڤیەت هەژموونی زۆری هەبووە لە جیهان و بەردەوام وەکوو رکابەری ئەمریکا و رۆژئاواییەکان ئەژمارکراوە. بۆیە ئەمریکا هەوڵ دەدات هەژموونی روسیا لە رێگەی دروستکردنی هاوپەیمانیەتی هەرێمی و هاوبەشی کەم بکاتەوە.

بۆیە میسر لەلایەن ئەمریکا بە گرینگییەوە تەماشا دەکرێت و پاڵپشتی دارایی و سەربازی بۆ دەیان ساڵە پێشکەش دەکرێت، بە شێوەیەك ئەم وڵاتە پەیوەست بووە بە ئەمریکا. هەرچەند میسر پەیوەندی لەگەڵ روسیا هەیە، بەڵام ئەمریکا هەوڵی داوە، هەژموونی روسیا کەم بکاتەوە، تا کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی میسر نەبێت. کرینی چەک و فرۆکە لە روسی لە لایەن میسر وای کردووە ئەمریکا بیر لە سەپاندنی سزا بکات بەسەر میسر، کە بە "کاتسا" ناونراوە.

لە ساڵی 2018ەوە راپۆرتی خولیی کۆنگریس هەیە دەربارەی پلانی میسر بۆ کرینی فرۆکەی جەنگی جۆری سوخوی "سو-"35. لەوانەیە سزاکانی ئەمریکا دژ بە میسر لە ژێر بەرەنگاربوونەوەی کاریگەری رووسیا لە ئەوروپا و ئۆراسیای بێت ، یان بەرەنگاربوونەوەی نەیارانی ئەمریکا لە رێگەی یاسای سزاکانی کاتسا(CAATSA) ، کە لە سالی ٢٠١٧ دەرچووە . ناونیشانی دووەم، لە دواییدا بە کاتسا ناودەبرێت.(CRS,November 28, 2018)

میسر بۆ کرینی فروکەی جەنگی رێکەوتنی لەگەڵ ئەمریکا هەیە، بۆ نموونە کرینی ٢٠٠ فرۆکەی جۆری F-16، بۆیە کرینی چەک لە روسیا دەکەوێتە ژێر بریاری کاتسا، کە بە هۆیەوە سزا دژ بە میسر ئەنجام دەدرێت. (Binnie, June 23, 2021)

#### ٤-٤-٢- چین:

فاکتەرێکی گرینگی تری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بریتیە لە رووبەرووبوونەوەی هەژموونی چین لە جیهان، کە کاریگەری لە سەر سیاسەتی دەرەوی ئەمریکا دروست کردووە. چین لەرووی جیۆپۆلیتیکیەوە هەوڵ دەدات لەو ناوچانەی، کە پێی بکرێ

بەرژەوەندیەکانی خۆی دەستەبەر بکات هەژموونی هەبێت. ئەگەر چین گرینگی زیاتر بە میسر بدات و بیخاتە ناو بازنەی سیاسەتی خۆی، ئەو کات چین دەتوانێت هەژموونی لە ئەفریقا زیاد بکات، دیارە ئەمەش ئەمریکا نیگەران دەکات. چین لە رێگەی بازرگانی و ئابووری و گرێبەستەکان هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی، کە لەسەر رێگەی دەریای ناوەراست و دەریا سوورن دروست بکات، تا بتوانێ رێرەوی گواستنەوی کەل و پەلەکانی بەردەوام مسۆگەر بکات.لەپاڵ بەندەرەکانی ئەو ناوچەیە، چین بەمەبەستی ئەنجامدانی بازرگانی بەندەری پۆرسەعید و بەندەری ئەسکەندەریەی میسر بەکار دەهێنێ. بۆیە چین هەردەم هەوڵی داوە پەیوەندیەکانی خۆی لە رووی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ میسر پتەو بکات. (Engelke, 2030)

### ٥- دەرئەنجام

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی زانایانی بواری جیۆپۆلیتیك فۆکۆسیان خستۆتە سەر وڵاتانی زلهێزی وەکو روسیا و چین، کە سەرنجی ئەمریکایان بۆ لای خۆیان راکێشاوە، بەڵام لە جیهاندا وڵاتانی تریش هەیە، کە دەکەونە چوارچێوەی تیۆریەکانی ماهان و ماکیندەر و سپایکس مان و کیسنجەر و بریژنسکی .

میسر یەکێکە لەو وڵاتانەی لەرووی پێگەی جۆگرافیایی و دانیشتوان گرینگی جیۆپۆلیتیکییان هەیە. بۆیەش بە گوێرەی ئەو رەهەند و تایبەتمەندیەی لەناو جیهانی عەرەبی و کیشوەری ئەفریقا و کۆنترۆل کردنی دەریاکان میسر خاوەندی پێگەیەکی جیۆپۆلیتیکی گرینگە لە ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. میسر فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ئەمریکا لە پاراستنی هاوسەنگی نێوان وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەراست و دەوڵەتی ئیسرائیل .

بۆ ئەمریکا گرینگە ئاسایشی ئیسرائیل نەکەوێتە مەترسیەوە، بۆیەش هەبوونی پەیوەندی ستراتیژ لە نێوان میسر و ئیسرائیل بۆ ئەمریکا فاکتەرێکی گرینگە لە سەر ئاستی ناوچەیی و جیهان .

هاوکاری میسر لەگەڵ ئەمریکا لە رووبەرووبوونەوەی تیرۆریزم و پاراستنی سەقامگیری دەریای سوور و نۆکەندی سویس و دەریای ناوەڕاست خاڵی گرینگ و ستراتیژن لە ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

پەیوەندییەکانی میسر و ئەمریکا لەگەڵ شۆرشی تەموزی ساڵی ١٩٥٢ لە نێوان بەهێزی و لاوازی خولاوەتەوە. پاشان میسر لە بەریتانیا سەربەخۆیی خۆی وەرگرت، ئەو پەیوەندییانە بۆ ماوەیەك دووجاری ئاڵۆزی بوو، بە تایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی سەرۆك جەمال عبدولناسر، بەڵام دواتر لەسەردەمی سەرۆك ئەنور ئەلسادات پەیوەندییەکان ئاسایی بوونەوە، بە تایبەتی پاش واژووکردنی رێکەوتننامەی ئاشتی لە نێوان میسر و ئیسرائیل. سەرۆك سادات پێی وابوو، ئەو توانی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا بە شێوەیەك درووست بکات، کە لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی میسر تەواو بێت. بەڵام لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتی سەرۆك حوسنی موبارەك سیاسەتی دەرەوەی میسر مۆرکی پاشکۆیەتی بۆ ئەمریکای پێوە دیار بوو، ئەمەش لە لایەن ئیدارە یەك لە دوای یەکەکانی ئەمریکا دەقۆزرایەوە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، لە کاتێکدا رۆڵی هەرێمی میسر تا رادەیەکی زۆر پاشەکشەی کرد .

ئەمریکا بە بەردەوامی پەیوەندییەکانی لەگەڵ میسر پاراستووە، تا رێگریێت لە درووستبوونی بۆشایی، کە وەکو دەرفەت لەلایەن نەیارانی ئەمریکا لە ناوچە ستراتیژیەکان دەقۆزرێتەوە .

ئەمریکا هەوڵ دەدات رێگری بکات لە هەژموونی رکابەرەکانی، وەکوو روسیاو چین، کە لەم سەردەمەدا هەموو هەوڵ و کۆششیان ئەویە دەست بە سەر ناوچە گرینگەکانی جیۆپۆلیتیکی بگرن و کۆنترۆڵی جیهان بکەن. بۆیە ئەمریکا لە هەرشوێنێ هەست بە مەترسی بکات، هەوڵ دەدات هەژموونی خۆی زیادبکات، بە تایبەت لەرێگەی دروستکردنی هاوپەیمانێتی و پێکەوەگرێدانی ئابووری.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و میسر خۆیان پابەند دەکەن بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی هەردوولا و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

پێگەی جیۆپۆلیتیکی میسر هۆکاربووە، بۆ ئەوەی ئەمریکا رۆڵ بگێری لە پەرەپێدانی ئابوری میسر و هاوکاریکردنی میسر لە رووی کەرەستەی بەرگری و بەهێزکردنی تواناکانی میسر لە رووی بەرگری و ئاسایشی ئاو.

کەواتە لە دیدی ئەمریکا بەرژەوەندییەکان بریتین لە:

١ -پاراستنی ئاشتی نێوان میسر و ئیسرائیل .

٢ -هەبوونی پارێزبەندی ئەمریکا لە رووی هاتوچۆ لە نۆکەندی سویسی و لە ئاسمانی میسر .

٣ -هاوکاری لەگەڵ سوپای میسر و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

لە روانگەی میسر بەرژەوەندییەکان لەم خاڵانەی خوارەوە پوخت دەکرێنەوە:

١ -نوێکردنەوەی توانا سەربازییەکان میسر و پەرەپێدانیان .

٢ -پاراستنی هاوسەنگی ستراتیژ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە رێژەیەکی دیاریکراو .

٣- پاڵپشتیکردنی رۆڵی میسر لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

## سەرچاوەکان:


Alfred Thayer Mahan, The Problem of Asia and the Effects upon International Politics, (Washington and London: Kennikat Press, 1920, p 25-27, 167-8, 172).

Amer, Mohamed Youssef, "Egypt between the Superpowers: Continuity and Change in Egyptian Foreign Policy under Mubarak" (California: Naval Postgraduate School, 1984), 118.

American Chamber of Commerce in Egypt "Qualifying Industrial Zones (QIZs), available at: https://www.amcham.org.eg/information-resources/trade-resources/egypt-us-relations/qualifying-industrial-zones

Associated Press, Natural Gas Fields Give Israel a Regional Political Boost," Associated Press, January 23, 2019.

Bard, Mitchell. "Myths & Facts Online: The War of Attrition, 1967–1970". Jewish Virtual Library. Retrieved March 3, 2007.

Bassou, Abdelhak " The geoplolitics of Egypt: strengths, opportunities, constraints and vulnerabilities" OCP Policy Centre, June 2016

Brzezinski, Zbigniew (6 December 2016). The Grand Chessboard : American Primacy and its Geostrategic Imperatives. New York, p.16

Burns, William Joseph (1984). Economic aid and American policy toward Egypt, 1955–1981. State University of New York Press. p. 201

Cantori, Louis "Egyptian Policy under Mubarak," 335; Louis Cantori, "Egypt Reenters the Arab State System," in The Middle East From the Iran-Contra Affair to the Intifada, ed. Robert O. Freedman (Syracuse: Syracuse UP, 1990), 343.

CRS Report R44000, Turkey: Background and U.S. Relations In Brief, by Jim Zanotti and Clayton Thomas. December 30, 2021

CRS, "U.S. Sanctions on Russia" Congressional Research Service, R45415, Updated Novemebr 28, 2018

Dodds, Klaus, "Geopolitics: A Very Short Introduction" Oxford University press, 2007

Dunne, W. Charles , "The Complicated Nature of Red Sea Geopolitics" Arab Centre Washington DC, October 27, 2021, available at: https://arabcenterdc.org/resource/the-complicated-nature-of-red-sea-geopolitics/

Dunstan, Simon, "Yom Kippur War 1973: The Sinai Campaign". Osprey Publishing. 3003

Elshafei, Mona Omran, "Patron and Client: Egypt's Pursuit of an Independent Foreign Policy in the Context of its Special Relationship with the United States, from 1982 to 1988" (Cairo: M.A. Thesis, The American University in Cairo, 1990), 115.

Engelke, Aronsson, and Nordenman, "Mediterranean Futures 2030: Toward A Transatlantic Security Strategy," 12.

Evans, Graham, " The penguin dictionary of international relations" Newnham, Jeffrey, London, Penguin Books, 1998

George Lenczowski, American Presidents and the Middle East, (Duke University Press: 1990), p. 131

Glen Segell ―Mohamed Morsi, Egypt and Israel‖ DECEMBER 12, 2013, available at, https://www.e-ir.info/2013/12/12/president-morsi-egypt-and-israel/

Gogwilt, Christopher, " The fiction of geopolitics: afterimages of geopolitics, from Wikie Collins to Alfred Hitchcock, 1860-1940. Stanford, Calif; Cambridge: Stanford University press, 2000, PP. 35-36

Halford J. Mackinder, "On the Scope and Methods of Geography," in Democratic Ideals and Reality (New York: W. W. Norton & Company,1962), pp. 213, 214, 217.

Halford Mackinder, Britain and the British Seas (Westport, CT: Greenwood Press Publishers, 1969, originally published in 1902 by D. Appleton and Company), p.vii.

Henry Kissinger, Diplomacy (New York: Simon and Schuster, 1994), p. 814.

Israel Ministry of Foreign Affairs, FM Lapid addresses World Summit on Counter Terrorism, September 12, 2021.

Institute for Near East Policy, October 23, 2019

Prontera and Ruszel, “Energy Security in the Eastern Mediterranean.” Middle East Policy, Vol. XXIV, No. 3, Fall 2017

Reuters, “Egypt and Greece Sign Agreement on Exclusive Economic Zone,” Reuters, August 6, 2020

Rueters, “Turkey-Libya Maritime Deal Rattles East Mediterranean,” Reuters, December 25, 2019.

Selcan Hacaoglu and Firat Kozok, “Turkish Offshore Gas Deal with Libya Upsets Mediterranean Boundaries,” Bloomberg, December 6, 2019.

Sempa, Francis P., “ Geopolitics: from the Cold War to the 21th century” Transaction Publisher, 2002

Shama ,Nael M. “THE FOREIGN POLICY OF EGYPT UNDER MUBARAK: THE PRIMACY OF REGIME SECURITY” University of St Andrews, 2008. Pp. 59-68

The White House, President Donald J. Trump Remains Committed to Egypt and Middle East Stability, April 9, 2019.

The White House, Remarks by President Biden on the Middle East, May 20, 2021.

U.S. State Department, Secretary Blinken’s Meeting with Egyptian President Al Sisi, May 26, 2021.

U.S. State Department, Section 231 of CAATSA, available at: https://www.state.gov/t/isn/caatsa/.

Vertin, Zach, “Red Sea gopolitics: six plotlines to watch” Brookings, December 15, 2019 , available at: https://www.brookings.edu/research/red-sea-geopolitics-six-plotlines-to-watch/

W. H. Parker, “Mackinder: Geography as an Aid to Statecraft (Oxford: Clarendon Press) 1982, pp. 1-2.

Walt, Stephen M, “The Geopolitics of Empathy: How our understanding—or misunderstanding—of other countries’ perspectives shapes global order.” Foreign policy, June 27, 2021 availabel at : https://foreignpolicy.com/2021/06/27/the-geopolitics-of-empathy/

Jeremy Binnie, “Russian Official Indicates Egypt Will Receive 11 Su-35s this Year,” Jane’s Defence Weekly, June 23, 2021.

Jeremy M. Sharp, 'Egypt: Background and US Relations', CRS Report for the Congress, 12 August 2008, p.5

Jeremy M. Sharp” Egypt: Background and U.S. Relations” Congressional Research Service, RL33003, September 30, 2021

Kessinger, Henry, “diplomacy, new York”, Simon&Schuster, 1994, p. 813

Kleiman, Aharon,” Great powers and Geopolitcs: international affairs in a rebalancing world” Springer, 2015

Lea, Homer (2010). Day of the Saxon. [Place of publication not identified]: Nabu Press

Mayer, Michael S. (2010). The Eisenhower Years. Infobase Publishing, 2010, p. 44.

Mearsheimer, J. J. (2010). The gathering storm: China’s challenge to US power in Asia. Chinese Journal of International Politics, 3, 381.

Meringolo,Azzurra ―From Morsi to Al-Sisi: Foreign Policy at the Service of Domestic Policy‖Insight Egypt, no. 8, 2015

New York Times, “Secret Alliance: Israel Carries Out Airstrikes in Egypt, with Cairo’s O.K,” New York Times, February 3, 2018.

Nonresident Course, ". Navy Basic Military Requirements (Navedtra 14325) - Nonresident Training Course. Lulu Press, Inc.; Illustrated edition (June 30, 2013).

Parker,W.H, “Mackinder: Geography as an Aid to Statecraft” Oxford University Press, September 23, 1982, p. 54.

Peden, G. C. (December 2012), "Suez and Britain's Decline as a World Power", The Historical Journal, 55 (4): 1073–1096,

Pelley, Scott ,“Egypt’s President El-Sisi Denies Ordering Massacre in Interview his Government Later Tried to Block,” CBS NEWS, January 6, 2019.

Pittsburg Post-Gazette, "Egypt Will Fight, Nasser Shouts". Pittsburgh Post-Gazette: 2. November 24, 1967.

Policywatch, New Gaza Crossing Raises Questions about Blockade Policies,” PolicyWatch, number 3205, The Washington

## The impact of the geopolitics factor on the U.S. foreign policy toward Egypt (2014-2021)

*Abstract*

Geopolitics as a strong factor has influenced the U.S. foreign policy toward different parts of the world . Egypt is one of the countries that has geopolitically influenced the U.S foreign policy in North Africa and the Middle East. The importance of Egypt and its relations has become one of the strongest factors for the United States, so that it can protect its security and national interests in North Africa and the Middle East. Egypt is connected to the Red Sea, the Mediterranean Sea and the Suez Canal, and also, neighboring with the Israeli state which is the U.S. most important Strategic partner in the region. The United States believes that any threat to Israel threaten the American interests in the region. As a result, the peace accord between Israel and Egypt became the influential factor of the U.S./Egypt ties. Although Egypt has relations to both Russia and China, it has a long-standing relationship with the United States, particularly after 1979, and Egypt is being assisted financially and militarily by the United States, and it continues even after the Arab Spring. Moreover, Egypt cooperates and coordinates with U.S. and Israel in the War on Terror and the countering Hamas, particularly in the Sinai Peninsula. United States, considers Egypt as a factor of stability between Arab states and the Israel.

Key words: Geopolitics, the United States, Egypt, Israel, terrorism, the Mediterranean Sea, the Red Sea and the Suez Canal.